www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:00 7-3-2007

## زانکۆی گەندەڵستانی سلێمانی و شۆڕش دژی گەندەڵی!!!! ... (ئاراس)

گومانی تێدا نیە کە زانکۆ لە هەر شوێنێکی دنیادا (جگە لە کوردستان) ئەو ناوەندەیە کە کەسانی ئەکادیمی و ڕۆشنبیر و خاوەن توانا و لێهاتوویی پیشکەش بە کۆمەڵگا دەکات، ئەمەش بەپێی ئەو سستمە زانستی و ئیداریە بەهێزەی کە زانکۆی پێ جیا دەکرێتەوە لە گشت ناوەند و دامەزراوەکانی تر و هەمیشە دەرچوانی ئەو شوێنە بە کەسانی زانستی و ئەکادیمی و ئاست بەرز دەناسرێن بە بەراورد لەگەڵ کەسانی تر وە ئەو جێگایەیە کە هەڵدەستێت بە پێشکەش کردنی کەسانی بەتوانا بە کۆمەڵگا لە گشت بوارە جیاجیاکاندا، واتە بە کورتی زانکۆ کەناڵی سەرەکی و خاڵی کۆنترۆڵکردن و دەستگرتنە بەسەر گشت دامەزراوە زانستی و ئیداریەکاندا و ئاستی زانستی ئەو ناوەندە پێوەرێکە بۆ ئاستی زانستی و وشیاری و پێشکەوتوی ئەو کۆمەڵگەیە.

ئەمڕۆ 2007/3/4 لە زانکۆی سلێمانی کۆبونەوەیەک کرا کە نازانم ناویان نابوو شۆڕش یان فیستیڤاڵ یان چی، تێیدا خوێندکاری خێرنەدیویان بە پەڕۆیەکی پرتەقاڵیەوە سەرقاڵ کردبو هەموو بە جارێک لە هۆڵەکانی وانە خوێندن هاتبونە دەرەوە ئەمە چیە وەڵا شۆڕشی پرتەقاڵی یان شۆڕش دژی گەندەڵی! ئەمە وەک هەواڵێک با جارێ کەمێک لێرەیا بوەستین دوایی دێینەوە سەر باسکردنی.

گەر خۆمان گێل نەکەین هەمومان چاک دەزانین زانکۆی سلێمانی یەکێکە لە چوار زانکۆ گەندەڵەکەی کوردستان کە بێبەرین لە گشت ئەو شتانەی لە سەرەتادا باسمکردن و تا ئێستا بە درێژایی تەمەنی ئەو زانکۆیە بچوکترین و ساناترین گۆڕانم لەم کۆمەڵگایەدا نەبینیوە کە سەرچاوە و پاڵنەرەکەی زانکۆی سلێمانی بێت، بگرە هەمیشە کەناڵێک بووە بۆ پێشکەشکردنی عاشقی سووتاو و کەسانی بێتوانا و ڕوخاو بە کۆمەڵگا لە جیاتی کەسانی ئەکادیمی و سودمەند کە باسم کردن، وەک بەڵگە کە وابزانم پێویست بە بەڵگەش ناکات حەز دەکەم مشتێک لە خەرواری گەندەڵیەکانی ئەو زانکۆ شۆڕشگێرەتان بۆ بخەمە ڕوو کە ئەمڕۆ شۆڕشی ئەکرد دژی گەندەڵی: زیندووترین نموونە من خۆم یەکێکم لە دەرچوانی ئەو زانکۆیە 2004-2005، ئەو ڕۆژەی کە ویستم دەوام بکەم سەیرێکی هاوڕێکەی تەنیشتمم کرد کە لە هەمان بەشی من وەرگیرابو وانەی دەخوێند لەکۆی نمرەکانی پۆلی شەشەمی ئامادەیی 200 نمرەی لە من کەمتر بوو!!! لە کۆتایشدا هەمان بڕوانامەی منی وەرگرت، ئاخر تو ویژدانتان کە ئێوە خۆتان سەرچاوەی گەندەڵین چۆن ڕووتان یەت باسی گەندەڵی بکەن و بانگەشە بکەن بۆ ڕووبەڕو بونەوەی گەندەڵی؟

نمونەیەکی زەق و ئابڕوبەری تر کە لەوانەیە زۆرتان نەتانبیسبێت، لە پرۆسەی ئازادی عیراقدا کە حاڵەتی نائاسایی ڕاگەیاندرابوو لە گشت دامەزراوەکاندا و زانکۆش یەکێک بوو لەو ناوەندانە، لە یەکێک لەو ڕۆژانەدا کە بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی خوێندنی باڵا دەوام نەبوو گفتوگۆی نامەی دکتۆرای (ئەرسەلان بایز) ی ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کرا کە زۆر باش لەبیرم یەت لە یەکێک لە هۆڵەکانی بەشی کوردی ئەنجام درا بە ئامادەبونی هەریەک لە پرۆفیسۆر د. ڤاهر لگیف کریم، پرۆفیسۆر د. عزالدین مێگفی رسول، د. دڵشاد کە ناوی باوکی نازانم، کە بە ڕێکی نازانم لە چ بەروارێکدا بوو بەڵام لە دەوروبەری 22، 23، 2003/3/24 دا بوو، ڕەنگە بپرسن ئەی تۆ ئەو ڕۆژە چیت ئەکرد لە زانکۆ، من بە ڕێکەوت ئەو ڕۆژە چومە زانکۆ چونکە چەند هاوڕێیەکم وەک تیمی بەرگری مابونەوە لەناو زانکۆدا تا لە کاتی ڕودانی هەر شتێکدا پارێزگاری لەو زانکۆ ئازیزە بکەن کە بڕوانامە لە ڕۆژانی پشودا ئەبەخشێتەوە و ئەو نەگبەتانەشی کە لەو ڕۆژانەدا تیمی بەرگری بوون و شەونخونیان ئەکرد سەرە سۆدەیەکیشیان نەکرد بە یەخەیاندا و تەنانەت دەستخۆشیەکیش نەکران، کورە هەی داماوینە ئەی هاوار ئێوە ماموستاو پرۆفیسۆرەکانتان گەندەڵن و بڕوانامە ئەبەخشنەوە بە ویست و ئارەزوی لێپرسراوە حیزبییەکانیان ئێستا شۆڕشی چی ئەکەن دژی گەندەڵی؟!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەی بۆ گفتوگۆی نامەی یەکێکی تر نەکرا لەو ڕۆژانەدا؟ بۆ ڕۆژ بڕابوو یان دنیا کاول ئەبوو ئەگەر ئەو گفتوگۆیەی هەڵگرتایە بۆ ڕۆژانی دەوامی ئاسایی با ئێمە و کەسانی تری تایبەتمەندیش ئامادە بووینایە یان نامەی دکتۆراکەی ڕووی مەجلیسی نەبو؟ ئەی ئێوە دکتۆر ڤاهر و عزالدین مێگفی رسول و دڵشاد خۆ ئێوە کە لە قاعەی موحازەرەیا دەم ئەکەنەوە کەس لە خۆتان بە دڵسۆزتر و ئەکادیمیتر و بێگەندەڵتر و شۆڕشگێڕتر نازانن بیرتان نەبو کە دەوام نیە ئەو ڕۆژە؟ هەر بۆ سومعەی خۆتان جوان بو؟ ئەی بۆ لەو ڕۆژانەدا گفتوگۆی نامەی کوڕێکی فەقیرتان نەکرد؟ یان ئەم ماستە مویەکی تیایە و هەموو دنیا چاک دەزانێت کە ئەرسەلان بایز کێیە و پۆستە حیزبیەکەی چیە ئیتر پێویست بە تەعلیق ناکات.

ئەمانە نمونەی خەروارێک بوون ئەگینا گەر بتەوێت بە وردی لێی بدوێت لە پرسگەوە تا ژوری سەرۆکی زانکۆ گەندەڵاوایەکە بۆ خۆی، ئایا هەر زانکۆی سلێمانی نەبوو ڕێگەی نەئەیا بە فاروق رفیق وانە بڵێتەوە و دکتۆرا ئەیات بە ئەرسەلان بایز کە چوار ساڵ لە زانکۆ بوم ڕۆژێک بە سودفە نەمبینی ڕۆژی دکتۆراکەشی بە سودفە بینیم؟ بەس ڕەنگە مامۆستاکانی چوبێتنە ماڵەوە وانەیان پێ وتبێت چونکە وەیش توخوا ئەو گوناحە زۆر کاتی نیە بێت بۆ زانکۆ یان لەوانەیە پارەی کرێ سەیارەی پێ نەبوبێت، ئەی بۆ ئەو هەموو قێزەونیەی (قبول خاص) تان بیرچوو کە مەگەر بەس ئەو خوایە بزانێت جێگەی چەندەها کەس و ڕۆڵەی هەژاری ئەم وڵاتەیان گرت؟

بۆیە تکاتان لێ ئەکەم خوێندکارانی ئازیز؛ ئەوەی ئێوە بەو شێوەیە کردتان لە مەهزەلە و گاڵتەجاڕی زیاتر هیچی تر نیە، ئەو هێزەی ئێوە هەتانە هێزێکی زۆر بێسنورە و دەتوانن گۆڕانی گەورەی پێ دروست بکەن، ئەویش بە بەرنامە و کاری نەخشە بۆ داڕێژراو، من ناڵیم ئێوە ناتوانن شۆڕش بکەن، وەک وتم ئەو هێزەی ئێوە هەتانە کەس نیەتی بە یەکێتی و پارتی و لەشکر و سەرکردە گەندەڵەکانیشیانەوە، گەر ویستتان شۆڕش بکەن یەکەم هەنگاو لە مامۆستا گەندەڵەکانتانەوە دەست پێبکەن و ئەوانەی بڕوانامە ئەبەخشنەوە و مەسئول و مناڵی مەسئول ئەخەنە جێگەی ئێوە، لەو مامۆستا ئاست نزمانەوە دەست پێ بکەن کە ئایندەی ئێوە و ئەوانەی دوای ئێوەشیان سوتاندوە، لە قۆناغی یەکەمدا گەندەڵستانەکەی خۆتان پاک بکەنەوە و بە پێی پلان و بەرنامە کار بکەن نەک بە کۆبونەوە و ئاڵای پرتەقاڵی، ئەمڕۆ بۆ سەیرێکتان نەکرد ئەوەندەی بایەختان دابو بە ڕوکەش و ڕوخسار و بە ڕەنگ خۆتان ڕازاندبووەوە با ئەوەندە بە پلان و بەرنامە خۆتان بڕازاندایەتەوە نەک سبەینێ بیرتان نەبێت دوێنێ چیتان کرد، کەی دڵنیاش بون کە ناوەندەکەی خۆتان گەندەڵی تیا نەما ئەوکات لەناو زانکۆش وەرنە دەرەوە و دەزگا بە دەزگا و ناوەند بە ناوەند بەدوای گەندەڵیدا بگەڕێن و چاو نەترس بن و بیانخەنە ڕوو و دەست لەسەر دز و فاشیلەکان دانێن و داوا بکەن دز و گەندەڵەکان بدرێنە دادگا و لێخۆشبونتان نەبێت، ڕاستیەکان ئاشکرا بکەن لیژنە دروست بکەن بۆ لێپرسینەوە لە بڕوانامە بە بڕوانامە و مامۆستا بە مامۆستا و لێپرسراو بە لێپرسراو، ئاڵایەکی پرتەقاڵی و دو سەعات وەستان و وانە نەخوێندن نە دەردەکانی میللەت چارە ئەکات نە ئاستی زانستیش بەرز ئەکاتەوە، بڕۆن سەیرێکی مامۆستا و پڕفیسۆرەکان بکەن و لێیان بپرسن ئەرێ کاک پرۆفیسۆر تۆ تا ئێستا چیت کردوە سودی هەبێت و کوا لێکۆڵینەوە و نوسینەکانتان؟ تاقیکردنەوەیەکی زمانەوانیان بۆ ڕێکبخەن بزانن کەسیان دەرئەچن؟!! تۆ جارێک سەری گەندەڵیەکە چارە بکەن ئنجا وەرنە دەرەوە و فریای ئەو میللەتەش بکەون کە لێپرسراوی دز و بێتوانا خواردویەتی و بەقەدەر مخێیاتی 10 ساڵی هەر چوار زانکۆکەتان پارە بۆ فلیمی ژانی گەلی ئیبراهیم ئەحمەد و مەلا مێگفی سەرف کراوە، وەرن ئەو پارەیە لەوان بسەننەوە و بڵێن: لە کوێتان بوو وا لە فلیما سەرفی ئەکەن؟ نازانن زانکۆ بەدەست ئاست نزمی و بێخزمەتیەوە ئەناڵێنێ؟! بۆ بۆ ئێمەی سەرف ناکەن تا گەندەڵ دەرکەین و بە پرۆژە گەندەڵستان بکەین بە زانکۆ.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.